ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
106
10 ی نیسان/ ئەپریل ی 2025



## ئۆپۆزیسیۆن و مەسەلەی پێکهاتنی حکومەت!

نزیکەی (٦) مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەماندا تێپەڕدەبێت، بەڵام تائێستا حکومەت پێکنەهاتووە! مەسەلەی پێکهاتنی حکومەت وەکو هەموو جارێکی دیکە بەستراوەتەوە بە کۆبونەوەکان و ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی لەسەر پۆست و بەشیان لە دەسەڵات و داهاتی کوردستاندا. ئەم دوو لایەنەش، دوای چەندین کۆبونەوەو دانیشتن پێکەوە، هێشتا نەیانتوانیوە لەسەر دابەشکردنی کێکی دەسەڵات و داهاتی کوردستان ڕێکبکەون! ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی یەکێتی و پارتی بەهیچ جۆرێک ناو و دەنگێکیان نیە لەم پرۆسەیەدا، وەکو ئەوەی بوونیان نەبێت و چوویبێتنە ناو قۆناغی سڕبوونەوە! لەکاتێکدا لە کاتی هەڵبژاردندا، ئەوەندە دەنگیان دلێر بوو کە داوایان لەخەڵک دەکرد دەنگیان بدەنێ بۆئەوەی دەسەڵات لەیەکێتی و پارتی وەربگرنەوە، گوایە

بۆ لاپەڕە ٢

بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!



## سودانی دەتوانێت چی بکات لە تورکیا ؟

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## گۆڕانکاریە جیهانی و ناوچەییەکان، ئایندەی کێشەی کوردا و ڕێگاچارەی کۆمۆنیستی کرێکاری!

موحسین کەریم

بۆ لاپەڕە ٥



## " کۆسپی بەردەم سەرمایە خودی سەرمایەیە"

لە پەراوێزی ڕێکارەکانی دۆناڵد ترامپدا

کاوە کەریم

بۆ لاپەڕە ٩

## دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی بێئیرادەکردنی خەڵک لە سوریا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ١١

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.......ئۆپۆزیسیۆن و مەسەلەی پێکهاتنی حکومەت!

دەسەڵاتێک و حکومەتێک دروست دەکەن بەبێ یەکیتی و پارتی کە داهاتی کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ خەڵک و یان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکان باشتر دەکەن و ماف و ئازادیەکانیان دەستبەردەکەن!

سەرجەم لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن، سەری خۆیان کزکردوەو چاوەڕێی ئەوەن کە دوای ئەوەی پارتی و یەکێتی ڕێکەوتن و هەموو شتێکیان لەنێوان خۆیاندا یەکلایی کردەوە، بەشێک لە زەکاتی دەسەڵاتەکەیان بدەن بەوان و چەند وەزارەت و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتیان پێببڕێت! بەڵام لەناویاندا ناوبەناو شاسوار و نەوەی نوێ، منەت بەسەر خەڵکدا دەکەن کە گوایە دەنگی خەڵکیان نەفرۆشتوە! پارتی چەند پۆستی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی داونەتێ، بەڵام قبوڵیان نەکردوە بەشداری حکومەتی پارتی بکەن و دەنگ بدەن بە مەسرور بارزانی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران! بەڵام ئایا ئەم قسانە هیچ ڕاستیەکیان تێدایە!؟

ئەوەی کەمێک لە دۆخی سیاسی و پێکهاتەی دەسەڵاتی کوردستان تێبگات، دەزانێ کە نەک ئەم قسانەی شاسوار و نەوەی نوێ، بەڵکو بانگەشەکانی سەرجەم لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی، بە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەوە، سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێ لەڕێگای دەنگدانەوە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بگۆڕدرێت، یاخود ئەوەی کە دەیانووت ئەمریکاو ڕۆژاوا لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا نین و بەشوێن بەدیلی ئەواندا دەگەڕێن، بۆیە ئەگەر خەڵک دەنگ بدات بەوان، ئەوا دەتوانرێ کۆتایی بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بهێنرێت، بێجگە لە درۆیەکی شاخدار و خۆڵکردنە چاوی خەڵک و چەواشەکاری سیاسی زیاتر، هیچ شتێکی دیکە نەبووە و نیە ! ئەوەی کە وەکو ڕاستیەکی سیاسی سەلمێنرا، ئەوەبوو کە نە بە دەندان دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دەگۆڕێت و نە ئەمریکاو ڕۆژاواش بەشوێن بەدیلێکی سیاسی دەسەڵاتەوەن لەناو ئۆپۆزیسیۆنێکی میدیایی لەبابەتی نەوەی نوێ و هێزەکانی دیکەدا، بەڵکو ئەوەی لای ئەوان و بگرە دەوڵەتانی ناوچەکەشەوە قبوڵکراوە، دەسەڵاتی دیفاکتۆی دوو میلیشیایە کە هەریەکەیان کۆنترۆڵی سیاسی- چەکداری- ئیداری ناوچەیەکی کوردستانیان کردوەو دۆخی مەوجود دەپارێزن. ئەمەی ئێستاش کە دەگوزەرێت لە پەیوەند بە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە کە بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە لای یەکێتی و پارتیە نەک ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، ئەو حوکمە بۆ دەیانجاری دیکە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی میلیشیایی لەڕێگای دەنگدان و هەڵبژاردنەوە نەک لە بەرژەوەندی خەڵک ناگۆڕێت، بەڵکو تەنانەت فرسەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەنێوان لایەن و هێزەکانی بۆرژواییدا، لە دەسەڵاتێکی میلیشاییەوە بۆ دەسەڵاتێکی بەناو دامەزراوەیی بۆرژوازیش نادات!

بێگومان خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراو و ئازادیخوازی کوردستان دەمێکەیە حسابی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا جیاکردۆتەوەو وەکو دەسەڵاتێکی میلیشیایی، گەندەڵ و تالانچی لێیان دەڕوانن. دەمێکەیە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەو پەیامەیان بە دەسەڵات گەیاندوە کە لە فرسەتێک دەگەڕێن کە لەکۆڵی خۆیانی بکەنەوە. تەنانەت ئەو فاکتەرەش کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەرامبەر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی وەبەرهێنانی سیاسی لەسەر دەکەن و دەتوانن بەشێکی خەڵکیش چەواشەبکەن و دەنگەکانیان بۆخۆیان دابین دەکەن، ئەو خواست و ئارەزووەی خەڵکی کوردستانە بۆ کۆتاییهاتنی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە! بەڵام جێی خۆیەتی خەڵکی کوردستان ئەم ئەزمونەی هەڵبژاردن و بانگەشە چەواشەکارەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەروەها پرۆسەی دروستکردنی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم، وەکو ئەزمونێکی سیاسی چاولێبکات بۆ ڕەواندنەوەی وەهمەکانی بە پڕوپاگەندەکانی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی سەبارەت بە بەدیهێنانی گۆرانکاری لە دۆخی سیاسی و مەسەلەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و لەو ڕێگایەشەوە گۆرانکاری لە دۆخی ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی خەڵکدا. کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان وەکو چۆن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی یەخەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی گرتوەو دەگرێ، بۆ گۆڕانکاری دۆخی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسییش خۆی دەستبداتە یەخەی یەکێتی و پارتی و پێداویستیە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیشی ئامادەبکات.

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك: October بڵاوكراوەی ئۆکتۆبەر

# سودانی دەتوانێت چی بکات لە تورکیا ؟

## عوسمانی حاجی مارف

ئامادەکاری محەمەد شیعە سودانی بۆئەوەی لەم ماوەیەدا سەردانێکی فەرمی بۆ تورکیا ئەنجام بدات، لەکاتێکی هەستیاردایە، چونکە ناوچەکە شایەتی گۆڕانکاریە سیاسی و ئەمنیە گەورەکانە، کە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ نیگەرانی هەردوو تورکیا و عێراق دەخاتەروو. دیارترینیان پەرەسەندنی دەخالەتی ئیسرائیلە لە سوریاو ناوچەکە و بەردەوامی شەڕی غەززە، زیادبوون و هاتنەناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، هەرەشەکانی ئەمریکا لە ئێران، هەروەها داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی.

جگە لەوانەش بۆ ڕێکەوتنی هەردوو وولات دەربارەی هاوکاری ئاسایشی سنوورەکان، دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بەهێزکردنی هاوکاریە ئابووریەکانی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، تا کێشەی ئاوی نێوان عێراق و تورکیا کە ئاماژەی پێدەکرێت، گرنگیان دەبێت لە سەردانەکەی سودانیدا.

ئەم سەردانەی سودانی بۆ تورکیا لەکاتێکدایە کە لەلایەک فراوانبونەوەی دەخالەتی بەرچاوی ئیسرائیل لە سوریا لە پەرەسەندایە، لەلایەکی ترەوە ململانێی ئیسرائیل بەرامبەر ڕۆڵ و دەخالەتی تورکیا لە سوریاو ناوچەکەدا بەروونی دەبینرێ، ئەمەش گوزارشت لە بەرزبوونەوەی زیاتری ئاڵۆزی و گرژیەکانی ناوچەکە دەکات. ئەم هەڵکشانە بۆخۆی نیشانەی مەترسیە بۆ سەر ناوچەکە، بەتایبەتی بۆ عێراق و تورکیا کە بەهۆی دۆخی ناجێگیری ئەمنی ناوچەکەوە کاریگەریان لەسەرە، بۆیە ئەم دۆخە دەرگای بەدواداچوون و هاوکاری زیاتری نێوان هەردوو وولات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئیسرائیل بە پشتیوانیکردنیان لە دیمەشق دەکاتەوە.

ئیسرائیل لە شەوێکدا هێرشە ئاسمانیەکانی بۆ سەر سوریا چڕتر کردەوە و هێرشەکانی وەک هۆشداریەک بە فەرمانڕەوایی شەرع لە دیمەشق دا ناساند. هەروەها ئەنقەرەی بە هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر دیمەشق دا ئاگادارکردەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئیسرائیل زۆر بەجدی کار بۆ بێکاریگەرکردنی تورکیا لە سوریا دەکات. بەڵام چۆن دەتوانێت ئەم کارە بکات بەبێ شەڕێکی سەرتاسەری، لەکاتێکدا تورکیا نەوەستاوە لە پەیڕەوکردنی ستراتیژی زاڵبون بەسەر سوریادا؟ پرسیارێکە ئاستی توانایی و پێداویستی ململانێکان وەڵامی ئەداتەوە.

ئیسرائیل لەدوای ڕووخانی بەشار ئەسەد و پاشەکشەی ئێران لە ناوچەکەدا، ترسی لە کۆنترۆڵکردنی ئەنقەرە بەسەر دیمەشقدا هەیە، بۆیە زیاتر هەوڵئەدات کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە سوریا بکات. دەستی بەسەر خاکی باشووری ڕۆژئاوای سوریا گرت و ئامادەیی خۆی بۆ پاراستنی کەمینەی دروزەکان ڕاگەیاند. ئامادەیی پشتیوانی لە هەسەدە نیشاندا و فشاریشی خستە سەر واشنتۆن بۆئەوەی سوریا بە لاوازی بهێڵێتەوە و بەشێکی زۆری چەکی قورس و کەرەستە سەربازیەکانی سوریای لە ڕۆژانی دوای ڕووخانی ئەسەدەوە لەناوبرد.

هەوڵەکانی ئیسرائیل دژی بنکە سەربازیەکانی سوریا دوای ئەوە دێت کە باس لەوە دەکرێت تورکیا بەرنامەی هەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی بنکەی ئاسمانی T4لە سوریا و پلانی هەیە سیستەمی بەرگری ئاسمانی لەوێ جێگیر بکات. لە ئێستاشەوە دەستیکردووە بە پلاندانان بۆ کاری بیناسازی لەم شوێنە ستراتیژیەدا. ئیسرائیل ئەوە باش دەزانێت ئەگەر تورکیا لە بنکەی T4و شوێنە سەربازیەکانی دیکەی سوریا جێگیر بن، ئەوا لێیان ناکشێنەوە. بەڵام ئەگەر تورکیا ڕاستەوخۆ لەلایەن ئیسرائیلەوە بە ئامانج بگیرێت و بۆردومانی هێزەکانی لە سوریا بکرێ، قەیرانێکی سەخت لە نێوان تەلئەبیب و ئەنقەرەدا دروست دەکات.

ماوەی چەند مانگێکە ئیسرائیل بەشێوەیەکی بەردەوام هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سوریا ئەنجام دەدات و خەڵکی سڤیل دەکوژێت و شوێنی سەربازی و ئۆتۆمبێل و تەقەمەنی سوریاش لەناو دەبات.

سودانی لەم دۆخەی ئێستای ململانێی نێوان تورکیاو ئیسرائیلدا بۆ دەخالەتیان لە سوریا، جگە لەوەی کێشەیەکی لەسەر ئامادەبونی سەربازیی تورکیا نیە لە سوریادا، لەهەمانکاتدا بەدوور نازانرێت لەبەرامبەر ڕووبەڕووبونەوەی دەخالەتەکانی ئیسرائیلدا پشتیوانی لە ئامادەبونی سەربازی تورکیا لە سوریا بکات.!؟

وەزارەتی دەرەوەی عێراق هێرشەکانی ئیسرائیلی بۆ سەر سووریا سەرکۆنەکرد، وەک پاڵپشتیەک لە حکومەتی سووریا. سودانی چەندینجار داوای لە شەرع کردووە کە کار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیەکانی ئیسرائیل بکات، وەک پێشمەرجێک بۆ بەرەوپێشبردنی هاوکاریەکان، هەر لێرەشەوە لە

هەوڵی توندکردنەوەی پەیوەندییەکانە لە گەڵ تورکیادا.

لە دیارترین ئەو پرسانەی کە سودانی لەم سەردانەدا بۆ تورکیا و لەم دۆخە نالەبارەدا دەیەوێت باسی بکات تابتوانێ پەرە بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا بدات، بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری نێوانیان تورکیاو عێراقە لەبەرامبەر کێشە ئەمنیەکاندا، لەوانە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و بەرەنگاربونەوەی چالاکی گروپە چەکدارەکان، بەتایبەتی لەبەرامبەر پەکەکە لە ناوعێراقدا و هەسەدە لە ناو سوریا. ئەم پرسە کە پێویستی بە هەماهەنگی ئەمنی ئاست بەرز هەیە، یەکێک دەبێت لە گرنگترین بابەتەکانی گفتوگۆی نێوان سودانی و ئەردۆغان، بەتایبەتی دوای بانگەوازی ئاشتی لەگەڵ ئۆجەلان.

بەغدا لە راگەیاندنەکەی باخچەلی و ئەردۆغان لەگەڵ ئۆجەلان بۆ چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە، پاڵپشتی کرد و پێداگری لەسەر ئەوەکرد کە ئەو هەنگاوە کاریگەری ئەرێنی لە سەر باشبونی دۆخی ئاسایشی تورکیا و عێراق و ناوچەکە دەبێت، هەروەها بەغدا داوای لە سوپای تورکیا و سەرکردایەتی پەکەکە کرد، دوای جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتنە، هەردوولا لە خاکی عێراق بکشێنەوە.

ئەوەی کە زۆر بەرچاوە تورکیا یەکێکە لە هاوبەشە بازرگانیە دیارەکانی عێراق، بەتایبەتی لە هەناردەکردنی نەوتدا. ئەمەش وایکردووە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە کوردستانی عێراقەوە بۆ تورکیا گرنگیەکی زۆری هەبێت. جگە لەوەش پرۆژەی "رێگای گەشەپێدان" کە یەکێکە لەو پرۆژە گەورانەی عێراق و تورکیا بەووپەڕی چاوەڕوانیەوە پێشوازی لێدەکەن و کاری لەسەر دەکەن، وەها دەردەکەوێت کە لەم سەردانەی سودانیدا گرنگیەکی تایبەتی پێدەدرێت، بەڵام پێناچێت کە جێگایەک بۆ حکومەتی هەرێم لەو پەیوەندەدا قایل بن.

ئەم پرۆژەی گەشەپێدانە کە ئامانجی بەستنەوەی عێراق و تورکیایە لە رێگەی تۆڕێکی رێگاوبان و گواستنەوەی بازرگانی بە ئەورووپاوە، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات و بەشداری دەکات لە باشترکردنی ژێرخانی ئابووریان.

ئەم سەردانەی سودانی بۆ تورکیا بەهەر نەخشە عەمەل و پرتۆکۆلێکی ئامادەکراوەوە ئەنجام بدرێ، لەم دۆخە هەستیارەی ئێستادا ناتوانێ بە سادەیی بۆ عێراق تێپەرێت و پرسەکان یەکلایی بکرێنەوە و رێکەوتنەکانی لەگەڵ تورکیا بەئاسانی بچنەبواری جێبەجێبونەوە، لەکاتێکدا کە هەردوو تورکیا و عێراق لەبەرامبەر بەرژەوەندی و سیاسەت و نەخشەکان و دەخالەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە سوریاو ناوچەکەدا ناکۆک و جیاوازن و دەورانێکی ململانێی سەخت لەبەرامبەر نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بەسەر دەبەن.

هەر لەم رۆژانەدا فشارە زیادەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و سودانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و بریار بۆ کۆتایهێنان بە هەژموونی ئێران بەسەر سیستمی سیاسی لە عێراقدا، رێگریکردن لە لایەن و فراکسیۆنە شیعەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەتی عێراق، چ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، ئەم هەنگاوە بە راگەیاندنی راستەوخۆی گۆرانکاری لە رێساکانی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ نفوزی ئێران لە عێراق وەسف دەکرێت، ئەم بریارو هەنگاوەی ئەمریکا کێشەی گەورەی لەنێو رێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی پێکهێناوە و دۆخی سیاسی عێراقی شڵەقاندووە بەجۆرێک کە بەرەنجامی سەردانەکەی سودانیش بۆ تورکیا و بریاردان لەسەر بەسەرەنجام گەیاندنی هەر گفتوگۆیەک لەناو نارۆشنیدا داهێڵێتەوە، بەتایبەتی کە سودانی ناتوانێ بەیەکجاری دەستبەرداری باڵادەستیی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان بێت لە حکومەتی عێراقدا. لەهەمانکاتدا یەکلاییکردنەوەی کەنارخستنی دەخالەت و دەوری کۆماری ئیسلامی لە حکومەتی عێراقدا، بۆسودانی و چوارچێوەی هەماهەنگی گرفتێکی گەورەیە و ناتوانن بەئاسانی دەستبەرداری ئێران بن. زەحمەتە بتوانن بەم زووانە ئەو دۆخە بەئاسانی تێپەرێنن. ئەم سەردانەی سودانی بۆ تورکیا و خۆسازانی لەگەڵ ئەردۆغان، ئایندەی ململانێ و ئەگەری ئەو پێشهاتانەی لە ناوچەکەدا روودەدات دیاری دەکات تاچەند سەرکەوتوو دەبێت، کە سودانی لە پەیوەند بەدەسەڵاتی چوارچێوەی هەمانگیەوە تا چەند دەتوانێت نەخشەکانی بگونجێنێت و پارێزەری لەدەسەڵاتی خۆی و چوارچێوەی هەماهەنگی و میلیشیاکانیان بکات؟ ئەمەش سەردانەکەی بۆ تورکیا و رێکەوتنەکانی لەگەڵ ئۆردگان سنوردار دەکات.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk

بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

# گۆڕانکاریە جیهانی و ناوچەییەکان، ئایندەی کێشەی کوردا و ڕێگاچارەی کۆمۆنیستی کرێکاری!

## موحسین کەریم

جەنگی ئۆکرانیا، کە بەکردەوە جەنگی ناڕاستەوخۆی نێوان ڕوسیا و ناتۆ بوو بە سەرکردایەتی ئەمریکا، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگی لەسەر ئاستی جیهان بەدوای خۆیدا هێنا. پرۆسەی شکڵگرتنی جیهانی فرەجەمسەری هەنگاوی گرنگی بڕیوە. شکستی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی دنیای تاکجەمسەری و ڕاگرتنی هەژمونی خۆی وەکو تاکە زلهێزی ئابوری- سیاسی و سەربازی و سەرکردەی جیهان، لەلایەن ترامپەوە ڕاگەیەنرا. گواستنەوەی هەڵویستی ئەمریکا لە شەڕی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوسیا لە ئۆکرانیا بۆ گفتوگۆ دانوسان لەگەڵیدا و قبوڵکردنی مەرجەکانی پۆتین بۆ ڕاگرتنی شەڕ و هێرشەکانی ترامپ بۆسەر زیلینسکی و تۆمەتبارکردنی وولاتانی ئەوروپا بە لادان لە بەها هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەمریکا، دان نانە بەو ڕاستییەی کە ناتۆ، وەکو دەزگایەکی سەربازی- ئەمنی دەورانی جەنگی سارد، کارو ئەرکەکانی کۆتایی پێهاتووە جیهان لەسەروبەندی ئاراییشدانەوەی ئابوری- سەربازی و سیاسی تازەدایە.

ئەم ڕەوەندە جیهانیە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوەو پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتەکان و دابەشکردنە ئابوریەکان و هاوکێشە سیاسی و ئەمنیەکانی ناوچەکە بەرەو گۆڕانکاری دەچن. هێرشی دڕندانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر غەززەو کاولکردنی و کۆمەڵکوژی دانیشتوانەکەی بەپاساوی کاردانەوە بەرامبەر بە هێرشە تیرۆریستیەکەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ و لەنێوبردنی سەرکردەکانی حەماس و جیهادی ئیسلامی و بەشێکی بەرچاو لە توانا سەربازی و مرۆییەکانیان، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و حزبوللە ی لوبنان و وەشاندنی زەبری کوشندە لەو حزبە، کە بەهێزی پێشەوەی کۆماری ئیسلامی لە دراوسێی ئیسرائیلدا هەژمار دەکرا، زەبرێکی کوشندە بوو لە نفوزو هەژمونی ناوچەیی ئێران کە سەرەنجام بە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد کۆتایی هات لەلایەن چەکدارە ئیسلامیەکانی دەستەی تەحریری شام کە لە پشتیوانی سیاسی و سەربازی تورکیاو وولاتانی سعودیەو قەتەر بەهرەمەند بوون، لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی نێوان تورکیاو ڕوسیا و ئێران و قەتەر، بەمەرجی پاراستنی بەرژەوەندیە سەربازیەکانی ڕوسیا لە سوریا دوای جێهێشتنی وولات لەلایەن بەشار ئەسەدەوە...

ئەو دۆخە سیاسیە نوێیەی بەدوای ئەو ڕوداوانەدا هاتەپێشەوە، بەتایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد و لاوازبوونی دەوری ناوچەیی ئێران، بە قازانجی باڵادەستیی سەربازی ئیسرائیل و فراوانبونەوەی دەورونەخشی تورکیاو سعودیە لە سوریادا شکاوەتەوە. هاوکات ناوچەکەش بووەتە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ ڕەچاوکردن و ململانێی نێوان بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی جەمسەرە جیهانیەکانی وەکو ئەمریکاو ڕوسیاو چین بەپلەی سەرەکی.

لەم نێوەدا، سەرەڕای پرسی فەلەستین، کە وەکو پرسێکی سیاسیی گرنگی مێژوویی ناوچەکە، لەنێوان ئینکارکردنی ئیسرائیل و سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی نەتەنیاهۆ و ڕاگەیاندنە فاشیستیەکانی ترامپ بۆ ڕاگواستنی دانیشتوانی غەزە لەلایەک و کاردانەوەی خەڵکی فەلەستین و جیهانی عەرەبیدا لەلایەکی دیکەوە، یەکێک دەبێت لە پرسە گەرمەکانی پرۆسەی ئاراییشدانەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرسی کوردیش، بەتایبەتی بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و مەسەلەی سازدانەوەی دەسەڵات لە سوریادا، یەکێک دەبێت لە پرسە سیاسیە گرنگەکان و بەحوکمی بوونی کێشەی کورد لە چوار وولاتی ناوچەکەدا، کە ڕاستەوخۆ کەوتونەتە ژێرکاریگەری ڕوداوەکانی سوریاش، تەنها لە چوارچێوەی سوریادا قەتیس نابێتەوە و بوعدێکی ناوچەیی پەیدا دەکات.

لاوازبوونی پێگەی ناوچەیی ئێران دوای ئەو زەبرانەی لەلایەن ئیسرائیلەوە بەر میلیشیاکانی حەماس و حزبوللە کەوت و دەرپەڕاندنی ئێران لە سوریا

لەدوای کەوتنی بەشار ئەسەد، هێرشەکانی ئەمریکا بۆسەر حوسیەکانی یەمەن، توندبونەوەی فشارەکانی ئەمریکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و دابڕاندنی عێراق لە ئێران، هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ جەنگ لەدژی ئێران و هەڕەشەکانی ترامپ بۆ ناچارکردنی ئێران بە هەڵبژاردنی گفتوگۆ یان ڕووبەڕووبەنەوەی سەربازی و کۆکردنەوەی هێزی سەربازی دەریایی ئەمریکا لە نزیک ئێران، هەموو ئەمانە دۆخێکی دروستکردوە کە هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران و عێراق ئومێدەوار بە گۆڕانکاری و بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی کردوە.

ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، بەو ئومێدەی کە هەڕەشەکانی ترامپ دژی ئێران سەرەنجام بگاتە ڕوخانی ڕژێم یان لاوازبوونی و بەوجۆرەش دەرفەت بۆ ئەوان دروست دەبێت کە دەستیان لە گۆشەیەکی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا گیربێت، ستراتیژی سیاسیی خۆیان گرێداوەتەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو ترامپەوە، تا لەسەر وێرانکردن و شێواندنی دۆخی سیاسی – کۆمەڵایەتی ئێران جۆرێک لەو فیدراڵیزمە قەومیەی کە لە عێراقدا هەیە، بەنسیبی ئەوانیش بێت! لە کوردستانی عێراقیش، پارتی ئەم فشارانەی ئەمریکاو ترامپ بۆسەر حکومەتی ناوەند کە لەژێر نفوزی ئێراندایە، بە فرسەتێک دەزانێت بۆ پێچەوانەکردنەوەی فشارەکانی حکومەتی ناوەندی کە لەدوای ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ەوە دەستی پێکردو بەرەبەرە دەسەڵاتی هەرێمی لەقاڵب دەدا، بۆ گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی بە قازانجی هەرێم و پارتی.

دۆخی مەسەلەی کورد لە تورکیاو سوریا، بەهۆی ڕوداوەکانی سوریاو ڕوخانی ئەسەدەوە، ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بەرچاو بوەتەوە. لەلایەکەوە پرسی ئارایشدانەوەی دەسەڵات لەسوریاو دەور و نەخشی هەسەدە، کە بەشی سەرەکی پێکهاتەی هێزەکەی پەیەدەیەو لەسەر ئاراستەی پەکەکەو ئۆجەلان هەژمار دەکرێن، مەسەلەیەکی دەستبەجێیە. ئەگەرچی هەسەدە، کەمتر خۆی وەکو هێزێکی ناسیۆنالیستی کوردی دەناسێنێ و زیاتر وەکو هێزێکی سیاسی- چەکداری سەرجەم هاوڵاتیانی ناوچەکانی باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا گوزارشت لەخۆی دەکات، کە خوازیاری جۆرێک لە لامەرکەزیەتی ئیداری-سیاسیە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی، بەڵام لەڕووی پراتیکیەوە زیاتر بەرەو ئەوەدەچێت وەکو هێزێکی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی مافە کەلتوری و ئیداریەکانی هاوڵاتیانی کوردی سوریا بچێتە ناو پرۆسەی سیاسی و بەشداری دەسەڵات لە دەسەڵاتی نوێی سوریادا. سەردانەکەی مەزلوم عەبدی بۆلای مەسعود بارزانی و پرسی یەکگرتنی هێزەکانی هەسەدە و ئەنەکەسە کە سەر بە پارتین بۆئەوەی هێزە کوردیەکان پێکەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە سوریا گفتوگۆ بکەن، هەروەها ڕێکەوتنی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی و ڕاگەیاندنەکانی ساڵح موسلیم سەبارەت بە مافەکانی کورد لە سوریا، ئەوە دەسەلمێنێ کە سیاسەتی ئەمری واقع بۆ پەیەدەو هەسەدە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای پرسی کورد بچنە ناو پرۆسەی سیاسی سوریاوە.

هەڵبەتە بوونی دەسەڵاتێکی ئیسلامی بە پاشخانی داعش و نوسرەوە لە دیمەشق کە لەژێر نفوزی سیاسی تورکیادایە، مەسەلەی چارەنوسی هێزەکانی هەسەدەو پەیەدە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ حکومەتی سوریادا سەختتر دەکات. هەسەدە چاوی لەوەیە کە لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا جێگایەکی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئایندەی سوریادا پێببڕێت، بەڵام لەولاشەوە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمریکا لە سوریاو ناوچەکەداو پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، ئەگەری بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ ئەو چاوەڕوانیەی پەیەدە هەسەدەدا و ڕەنگە ناچاربن مل بە فشارەکانی تورکیا بدەن! بەتایبەتی کە پرسی کورد لە سوریاو خودی پێکهاتەی هێزەکانی پەیەدەو هەسەدە، لەلایەن تورکیاوە وەکو درێژکراوەی هێزەکانی پەکەکە هەژمار دەکرێن و ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەو پرۆسەیەی بەناوی "ئاشتی"یەوە لە تورکیادا لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێخراوە بۆ چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و لەلایەن ئۆجەلانەوە پێشوازی لێکراوە.

دەستپێکردنی پرۆسەی "ئاشتی" لە تورکیا، کە لەڕاستیدا پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەیە لەڕێگای ئۆجەلانەوە بەمەرجی ئازادکردنی، سەرەتا لەلایەن سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی فاشیستی (مەهەپە)، دەوڵەت باخچەلی هاوپەیمانی ئۆردوگانەوە ڕاگەیەنراو دواتریش ئۆردوگان پشتیوانی کردو بووە سیاسەتی ڕەسمی حکومەتی تورکیا، بەشێکە لەو هەنگاوە سیاسیەی دەوڵەتی تورکیا بەرەچاوکردنی بارودۆخی ناوچەکە، دوای ڕوداوەکانی غەزەو لوبنان پەنای بۆ بردوەو دوای ڕوخانی بەشار ئەسەدیش بایەخەکەی زۆر زیاتر بووە بۆ دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئێستای تورکیا.

ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان و کۆتاییهێنان بە کێشەی پەکەکە، لە چەند لایەنەوە کۆمەک بە دۆخی سیاسی- ئابوری – ئەمنی و کۆمەڵایەتی تورکیا دەکات. لەلایەکەوە گێرانەوەی ئارامی سیاسی بۆ تورکیا دەتوانێت لەڕووی ئەمنیەوە دۆخی تورکیا چ لەپەیوەند بە ناوخۆی

تورکیاو چ لە پەیوەندی بە دەرەوە بەرەو ئارامی بەرێت و دەرفەتی دەستێوەردانی دەوڵەتانی نەیاری و ڕکابەری تورکیا لە دۆخی ناوخۆی تورکیاو بەکارهێنانی کارتی پەکەکە پووچەڵ بکاتەوە. لەڕووی ئابوریشەوە دۆخێکی گونجاوتر بۆ وەبەرهێنان و ژیانەوەی ئابوری دەرەخسێنێ و لەم دۆخە ئابوریە سەختە قەیرانگرتوەی تاڕادەیەک ڕزگار دەکات. هەروەها لەڕووی سیاسیەوە دەتوانێ بەرامبەر بە ئۆپۆزیسۆنی سیاسی ئەکەپە و حکومەتی ئۆردوگان و هاوپەیمانەکەی مەهەپە، واتە جەهەپە، کە ئێستا و بەتایبەتی دوای زیندانیکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆگلو سەرۆکی گەورەشارەوانی ئەستەمبول، لە ململانێیەکی تونددان لەسەر پرسی دەسەلات، هاوسەنگیەکی باشتری بۆ مەیسەر بکات و دەرفەتی مانەوەی دەسەلاتەکەی زیاتر و مسۆگەرتر دەکات، هەروەکو توانایەکی زیاتریشی دەبێت بۆ سەرکوتکردن و پاشەکشەکردن بە چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی تورکیا... سەرباری ئەمانە هەمووی، بەحوکمی کاریگەری پەکەکەو ئۆجەلان لەسەر پەیەدەو هەسەدە، هەر بەرەوپێشەوەچوونێک لە مەسەلەی ڕێکەوتنی نێوان تورکیاو ئۆجەلان، ڕاستەوخۆ کێشەی هەسەدە بە قازانجی بەرژەوەندیەکانی تورکیا یەکلادەکاتەوە.

بێگومان ئۆجەلان لەوەش زیاتر دەڕوات و ڕادەگەیەنێ کە سەرکەوتنی پرۆسەی ڕێکەوتنی نێوان خۆی و دەوڵەتی تورکیا دەتوانێ کاریگەری لەسەر چارەسەری پرسی کورد لە سەرجەم ناوچەکەدا دابنێ. لەسەر ئەو بنەمایەوە، تیمی دانوسانکاری دەم پارتی، لەنێوان دەولەتی تورکیا و ئیمراڵی ڕەوانەی لای یەکێتی و پارتی دەکات تا پشتیوانی ئەوانیش بۆ پرۆسەکە ڕابکێشێت، کە بێگومان سەرەنجام، چارەسەری کێشەی دەیان ساڵەی نێوان خۆیان و حکومەتی تورکیاو پرسی کورد لە ناوچەکەدا بەپێی بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی و دەوڵەتی و تورکیاو پێگەی ناوچەیی تورکیا یەکلابکاتەوە. گەیشتنی ئۆچەلان بەو بڕوایەی کە دەستبەرداری شێوازی چەک بێت بەرامبەر بە شێوازی سیاسی، ئاکامی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەلایەکەوە لەسەر ئاستی دنیا ڕوویانداوەو لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کوردستانی تورکیایە. دەستبەرداربوونی ئۆجەلان لە ستراتیژی دەوڵەت- نەتەوە و دەوڵەتی کوردستانی گەورە بۆ کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک، ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە کە لەئاکامی گۆڕانکاریە جیهانیەکانەوە بەسەر پەیوەندی نیوان تورکیاو پەکەکەدا هاتوە. پەکەکە لە هێزێکەوە کە پشتی بە بەرەی بلۆکی ڕۆژهەلات بەستبوو لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیادا وەکو ئەندامێکی ناتۆ و سەر بە بلۆکی ئەمریکاو ڕۆژاوا، ئێستا بە کۆتاییهاتنی ئەو بلۆکبەندیە، بەناچاری لەچوارچێوەی دەولەتی تورکیادا بەشوێن جێبەجێبوونی ستراتیژ و بەرژەوەندیەکانی ناسیۆنالیزمی کوردەوەیە. کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک، ئەو دەستەواژە ڕواڵەتیەیە کە مەیسەربوونی ئەم ستراتژە تازەیەی بۆ فەراهەم دەکات. هەر بەوجۆرەش دەیەوێ چارەسەری کێشەی کورد و هەسەدە لەچوارچێوەی دەوڵەتی تازەپێگرتووی سوریادا بە باکگراوندی داعش و بەرەی نوسرەوە بخاتەڕوو!

بێگومان بەردەوام ستراتیژی هێزو حزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد ئەوەبووە کە لەناو گێژاوی ململانێ و دژایەتی دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا و بە سوود وەرگرتن لە ناکۆکی و دژایەتی نێوانیان و بە بەستنەوەی سیاسەت و هەڵسورانە سیاسی و سەربازیەکانی خۆیان بە ستراتیژو ئامانجە سیاسی و ئەمنی و سەربازیەکانی یەکێک لەو دەوڵەتانەوە، بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان بەدەست بهێنن. بۆیە هەمیشە چارەسەری پرسی کورد، وەکو کارتێکی سیاسی لەلایەن ئەو هێزانەوە بەکارهێنراوەو بەکاردەهێنرێ بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی و ئابوری بۆ چینی بۆرژوازی و سەرمایەداری کورد و بزوتنەوە سیاسیەکانی. مێژووی تائێستای ئەم بزوتنەوەیە لەهەر بەشێکی کوردستاندا ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ و ئێستاش دیسانەوە پرسی کورد لەسەر مێزی بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزە ئیمپریالیستەکاندا لە بەرژەوەندی بۆرژوازی و ناسیۆنالیزمی کورد خەریکە ساتوسەودای پێوە دەکرێت.

بێگومان وەکو مێژووش نیشانی داوە، ڕێگاچارە بۆرژوایی و ئیمپریالیستیەکان بۆ کێشەی کورد، نەک نەیتوانوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و خەڵکی کوردزمان لە هیچ یەکێک لە وولاتەکانی ناوچەکە نەیانتوانیوە لەو بەڵایەی کە وەکو هاوڵاتی پلەدوو و نایەکسان مامەڵەکراون، ڕزگاریان ببێت، بەڵکو تەنانەت لە عێراقدا کە لەساڵی ٢٠٠٣ وە بەرەسمی دان بە فیدراڵیزمی قەومیدا بۆ کورد نراوە، بەڵام جیاکاری نێوان کوردو عەرەب نەک کۆتایی نەهاتوە، بەڵکو ڕەگو ڕیشەی لەناو دەستوردا داکوتیوە و کێشەی نەتەوەیی کورد هەمیشە وەکو ئاگری ژێر خۆڵەمیش لەهەر بارگرژی و ناکۆیەکی نێوان بەغدا و هەرێم لەسەر دابەشکردنی داهات و دەسەلات دەگەشێنرێتەوە. فیدارڵیزمی قەومی بووە بە سەرچاوەی سامان و داهات و دەسەلات بۆ بۆرژوازی و ناسیۆنالیزمی کوردو بزوتنەوە سیاسیە جۆراوجۆرە بۆرژواییە کوردیەکان و هەژاری و برسیەتی و بێمافی و سەرکوتی ئازادی بۆ کرێکاران و فەرمانبەران و هاولاتیانی کەمدەرامەتی کوردستان.

لەڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، چارەسەری کێشەی کورد لەچوارچێوەی بەرنامەی سیاسی بۆرژوازی کورد و بزوتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورددا بەدینایەت. هەروەکو ئیمکانی چارەسەرێکی عادیلانەی ئەم کێشەیە لەچوارچێوەی ئەو دەولەتانەدا نیە کە پێناسەی نەتەوەیی و ئیسلامیان هەیە. لەباری پرەنسیپییەوە، دوو رێگا هەیە بۆچارەسەری عادیلانەو ئینسانیانەی پرسی کورد لەهەریەکە لەو وولاتانەدا کە کوردی لێ نیشتەجێیە. رێگای یەکەم ئەوەیە کە چینی کرێکار لە هەریەکە لەو وولاتانەدا دەسەلاتی سیاسی بگرێتەدەست، بەوجۆرە کۆتایی هەموو جۆرە چەوسانەوە و دابەشکاریەکی نەتەوەیی، جنسی و رەگەزی و دیاریکردنی مافەکان لەسەر بنەمای نەتەوە و رەگەزو جنس بهێنێ و هەموو دانیشتوانی هەریەکە لەو وولاتانە وەکو هاولاتی خاوەن مافی یەکسان مامەڵە بکرێن. رێگایەکی دیکە ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانەی کوردیان لێدەژی، هەرجۆرە پێناسەیەکی نەتەوەیی و دینیان نەبێت و بگۆڕدرێن بۆ دەوڵەتی غەیرە دینی و سیکولار و غەیرە قەومی. لەوبارەشدا هاولاتی کورد وەکو باقی دانیشتوانی ئەو وولاتانە هاولاتی خاوەن مافی یەکسان بێت. لە غەیری ئەو دوو حالەتەدا و بەمانەوەی خاسیەتی قەومی و دینیی ئێستای ئەو دەوڵەتانە؛ تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، رێگاچارەی سیاسی و عادیلانە ئەوەیە کە بڕیار بدرێتە دەستی هاولاتیانی ناوچە کوردنیشینەکانی ئەو وولاتانە تا بڕیار لەسەر پەیوەندی سیاسی- یاسایی خۆیان لەگەڵ هەریەکە لەو دەوڵەتانەدا بدەن. ئایا لەچواچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا دەمێننەوە یان جیادەبنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ دروست دەکەن.

★

# " کۆسپی بەردەم سەرمایە خودی سەرمایەیە"

## لەپەراوێزی ڕێکارەکانی دۆنالد ترمپدا

### کاوە کەریم

بەر لەسەدو پەنجا ساڵ کارل مارکس لە ڕەخنەیدا بەرانبەر لۆژیک و دینامیکی ناوخۆی سەرمایەداری، ئاماژەی بەوەدا کە " کۆسپی بەردەم سەرمایە خودی سەرمایەیە"!

ئەمەش بەو مانایەیە کە پێکهاتە و گەشەسەندنی سەرمایەداری خۆی مەیلی دروستکردنی ئەو ئاستەنگانەی هەیە کە گەشە و سەقامگیری خۆی سنووردار دەکات. ئەگەر زیاتر ئەم ووتەیە ڕوونبکەمەوە، ئەوەیە کە سروشتی خۆبەهێزکردنی سەرمایە ئەوەیە کە بەردەوام بەدوای گەشەکردندایە لەڕێگای دەرهێنانی بەهای زیادە و قازانجدا. ئەمەش لەڕێگەی وەبەرهێنان لەکار، کەرەستەی خاو، تەکنەلۆژیا و سەرچاوەی دیکەدایە. بەڵام بەوپێیەی سیستەمی سەرمایەداری وابەستەی گەشەی بەردەوامە، دەبێت سەرمایە بەردەوام لەچەندایەتیدا زیادبکات، یان دەبێت سەرمایە بەردەوام کاربکات بۆ دووبارەبەرهەمهێنانەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتەهۆی چڕبوونەوەی سەرمایە و زیادبوونی کێبڕکێی نێوان خاوەن سەرمایەکان. سەرەنجام ئەم چڕبوونەوەیە دەبێتەهۆی دابەزینی ڕێژەی قازانج لەگشتیەکەیدا، هەروەک لە یاساکەی مارکسدا هاتووە بەناوی " مەیلی دابەزینی ڕیژەی قازانج – Tendency of the rate of profit to fall"، سەرمایەداری بەرەو قەیرانی توند دەبات.

دابەزینی ڕێژەی قازانجش کە دەرئەنجامێکی لۆژیکی ناوخۆیی سەرمایەداریە، لەکاتێکدا ڕوودەدات کە سەرمایە سەرمایەگوزاری گەورە دەکات لەبەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیادا بۆ ڕێکخستن و زیادکردنی بەرهەمهێنان. ئەمە دەتوانێت ببێتەهۆی کەمبوونەوەی پێویستی بە کار، لەبەرامبەردایشدا دەبێتەهۆی زیادبوونی بێکاری. سەرئەنجام دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی کۆی خواست لەسەر کالا و خزمەتگوزارییەکان کە دەتوانێت گەشەی ئابووری دابەزێنێت. ئەمەش بەربەستێک بۆ سەرمایە دروست دەکات – بەدواداچوونی بەردەوام بۆ قازانجی زیاتر و گەشەکردن لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینەی ئابووریدا بەریەککەوتن ڕوودەدات. بەکورتی، بیروڕاکانی مارکس لەسەر ئەوەن کەچۆن سەرمایە، لەپێناو کەڵەکەبوون و گەشەکردندا، ئەو کێشە پێکهاتەیی و قەیرانانە دروست دەکات کەتوانای خۆی سنووردار دەکات بۆ بەردەوامبوون لەگەشەکردن. بەمشێوەیە دینامیکی سەرمایەداری خۆی دەبێتە هۆی بەربەستەکانی خۆی.

شەوی ڕابردوو دونالد ترامپ، لەقسەوباسێکی درێژیدا لەژێر ناوی " ڕۆژی سەربەخۆی" سەرمایەداریی جیهانی هەژاند. ناوبراو ئەمەی بە

"یەکێک لەگرنگترین ڕۆژەکانی مێژووی ئەمریکا" و "ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئابووری" وەسفکرد. سیستەمی باجی نوێی ترەمپ کە لەباجی بنەڕەتی ١٠٪ دەستپێدەکات تاکو ٤٣٪ کە هەموو کاڵا هاوردەکراوەکانی زۆربەی هەرەزۆری وڵاتان دەگرێتەوە. ئیدارەی ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم باجانە بەئامانجی زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و ڕەخساندنی هەلی کارە لە ئەمریکا لەڕێگەی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بازرگانییەوە. ترامپ ڕایگەیاند کە ئەو باجە نوێیە "تریلیۆنەها دۆلار" بۆ ئەمریکا دەستبەردەکات کە بۆ کەمکردنەوەی باج و دانەوەی قەرزی نیشتمانی بەکاردەهێنرێت.

لەیەکەم بەرپەرچدانەوەدا سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا، ئۆرسولا ڤۆن دێر لاین، نیگەرانی جددی ڕاگەیاند. لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە برۆکسل، جەختی لەوە کردەوە کە یەکێتی ئەوروپا ئامادەیە "بەتوندی" وەڵامی بداتەوە، بەڵام هێشتا ئەوان چاوەڕوانن کێشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەربکەن. دێر لاین ئاماژەشی بەوەکرد کە مەترسی فەوزایەکی گەورە هەیە لەئابوری جیهانیدا. ئەم سیاسەتانەی ترامپ دەتوانێت ببێتەهۆی زیادبوونی تێچوونەکان و ئەگەری زیانگەیاندن بە ئابووری جیهانی. هەروەها زوربەی زۆری سەرکردەکانی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان، نیگەرانی قوڵی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەم ڕێکارانەی ترامپ.

بەڵام بابزانین هۆکاری ئەم سەرکێشیەی ترامپ چییە؟ ئایا خۆبەخۆیانە سەری لێتێکچووە، لەخۆیەوە بڕیار دەدات، یان دەردەکە لەشوێنێکی ترە!؟

ماوەی چەند دەیەیەک بوو بورژوازی سیستەمی سەرمایەداری وەک تاکە ئەلتەرناتیڤ ڕاگەیاند، جیهانگیریشی وەک ئەلتەرناتیڤی گونجاو خستە بەردەم سەرمایە. سەرمایە و سەرمایەداران دەستیان لەناودەستی یەکتر کرد و باوەشیان بۆ یەکتر کردوە، هەمووشیان بەیەک دەنگ و بەیەک ئاڵاوە لەبەرانبەر خەبات و مافەکانی چینی کرێکار وەستانەوە.

دوای شکست و دارمانی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی سوڤیەت و بلکوکی ڕۆژهەڵات، ئەوان باسیان لەکۆتایی مێژوویەک کرد؛ مێژووی نەمانی "کۆمونیزم". هاوکات هاتنی مێژووی نوێ و ئەزەلییەتی سیستەمی سەرمایەداری ڕۆژئاوایان ڕاگەیاند. ڕێکەوتننامە لەسەر ڕێکەوتننامە لەلایەن جەمسەرەکانی سەرمایەدارییەوە ئیمزا دەکرا. بەڵام دەرکەوت پروپاگەندەی مێژووی نوێیان و جیهانگیریان زۆر بڕینەکرد، چونکە لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا کە ڕکابەرە سەرسەختەکەیان لەگۆڕەپاندا نەمابوو، لەنێو ئەو مێژووە نوێیەی خۆیاندا کەوتنە قەیرانێک گەورەتر، قوڵتر لەو قەیرانانەی کە لەبوونی ڕکابەرەکەیاندا بوونی هەبوو. قەیرانێکی ٢٠ ساڵە کە نەک هەر پووچیی بانگەشەکانیانی سەبارەت بە کۆتایی مێژوو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پشتڕاستکردەوە، بەڵکو خەریکە سەری خۆشیان دەخوات!

بەڵام ئەگەر لەنزیکەوە لەم ڕێکارانە بڕوانین، دەتوانین بڵێن کە ئەم ڕێکارانەی ترامپ کۆتابزماری لەتابوتی جیهانگیریی سەرمایە دا! یەکدەنگی و هاوبەرژەوەندی نێوخۆیانی تێکدا. یان دەتوانین بڵێن کە زەنگی کۆتایی مێژووە نوێیەکەی سەرمایەداری و دەستپێکردنی مێژوویەکی نوێی دیکەیە کە چینی کرێکار بۆ پاراستنی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی و بۆ کۆتاییهێنان بە بەربەریەتی سەرمایەداری خۆی ئامادە دەکات.

قەیرانی سەرمایەداری لەجیهاندا کاریگەریی کێبڕکێی سەرمایەداری بەشێوەیەک چڕکردۆتەوە کە هەرەشە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات، کێبڕکێ لەسەر قازانج و بازاڕ، کێبڕکێ لەبەدەستهێانی زۆرترین قازانج، کێبڕکێ لەسەر قەرەبووکردنەوەی دابەزینی ڕێژەی قازانج.

ئەمە پەیامی سەرمایەدارییە، بەوپێیەی هەموو سەرمایەدارێک بۆ مانەوەی دەبێت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کێبڕکێ بکات، یان سەرمایەدارانی تر دەخاتە لاوە و لە گۆڕەپانەکە دەریاندەکات، یان ناچاریان دەکات بە مایەپووچبوون، سەرەنجام چەند یاریزانێکی گەورە لەگۆڕەپانەکدا دەمێننەوە و سەرمایەکەیان چڕتردەکەنەوە. ئەم چڕبوونەوەی سەرمایەش ئاستەنگ بۆ گەشەسەندنی یەکسان و دادپەروەر لەنێو دەوڵەتان و سەرمایەداراندا لەئاستی جیهاندا دروست دەکات. واتە چۆن سەرمایە، لەپێناو کەڵەکەبوون و گەشەکردندا ئەو کێشە پێکهاتەیی و قەیرانانە دروست دەکات کە توانای خۆی سنووردار دەکات.

کێشەی بنەڕەتی سەرۆک ترامپ نییە، کێشەی بنەڕەتی بڕیارەکانی ترامپ نییە، کێشەی بنەڕەتی سەرمایە و سەرمایەدارییە. کێشەی قوڵی سەرمایە ئەو قەیرانەیە کە ماوەی بیست ساڵە پێوەی دەناڵێنێت. ترامپ کاتێک واز لە ڕێکەوتننامە بازرگانیە جیهانیەکان یان ڕێکەوتنی ژینگەی پاریس و ڕێکەوتنی بازرگانی لەگەڵ چین و یەکێتی ئەوروپا دەهێنێت، هەروەها کە تاکلایەنە بڕیاری دانانی باج دەدات لەسەر بەرهەمی سەرمایەداری وڵاتانی تر، بڕیارێکی شێتانە و لەخۆوە نییە. ئەمە هەوڵێکە دەیدات بۆئەوەی بەشێک لەقورسایی زیانی قەیرانەکە لەسەر شانی سەرمایەداری ئەمریکی کەمبکاتەوە. ئەوەش بەگواستنەوەی بۆ سەرشانی لایەنەکانی بەرانبەری لەجیهاندا. ترامپ دەیەوێت بڵێت کە کاتی ئەوە هاتووە سوود لەهێزە سەربازیەکە و

بالادەستیەکەم لەجیهاندا وەرگرم بۆ بەرگری و پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایەدارانی وولاتەکەم.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم قەیرانەی سەردەمی سەرمایەداریدا، کە قەیرانی دارایی و قەرزی بەدوای خۆیدا هێنا، دەوڵەتانی سەرمایەداری بەشی زۆری قەرەبووی قەیرانەکەیان خستە سەر شانی چینی کریکار، بەلام قەیرانەکە هەر بەردەوامە و درێژەی هەیە. هەروەها فشارهێنان بۆ سەر چینی کرێکاریش سنووری خۆی هەیە و ناتوانێت بەردەوام بێت. ترامپیش چیتر ناتوانێت لەوە زیاتر فشار بۆ سەر چینی کرێکاری وولاتەکەی خۆی بهێنێت و لەوە زیاتر برسیان بکات، بۆیە دەبێت فشار بخاتە سەر وولاتانی سەرمایەداری تر، بۆئەوەی کەمێک کاریگەری قەیرانەکە لەسەر شانی سەرمایەداری وولاتەکەی خۆی سووک بکات، پاشانیش و هەرەشەی جددی لەلایەنی بەرانبەریان بکات ئەگەر لەبەرانبەر ئەم رێکارانەدا کاردانەوەیان هەبێت، ئەوا خۆیان تووشی هەڵدێران دەکەن.

لەکۆتایدا دەڵێم، لە مێژووی سیستەمی سەرمایەداری لەهیچ سات و وەختێکدا سەرمایەداری بەرەورووی قەیرانی وا جیهانی قوول نەبۆتەوە، هەروەک پێش پانزدە ساڵ ئابوریناسی جیهانی بەناوبانگ دکتۆر ئۆریێل رۆبینی لەوەلامیدا بەرانبەر ئابوریناسانی بۆرژوازی رایگەیاند:" جیهان بەرەو تاریکی دەروات، بەلام هاورێکانم، چاوەرێی رۆژێکی تاریک بن. چ رەشبینیەکە؟ بەلام رەشبینیەکی راستییە بۆ سەرمایەداران، چونکە ئەوەی رووددات پەلەکردنە لەبردنی هەموو جیهان بەچاوبەستراوی بەرەو قەیرانێکی کارەساتبار"!

★

٢/٤/٢٠٢٥

# دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی بێئیرادەکردنی خەڵک لە سوریا!

عوسمانی حاجی مارف

کاتێک باسی هەیئەی تەحریر شام یان بەناو "سوپای نیشتمانی سوریا" دەکرێت، باس لە پێکهاتە سەربازیە ئایدۆلۆژیە ئیسلامیە توندڕەوەکان دەکرێت کە لە شوێنە جیاوازەکانەوە پەیوەستبون بە سوپاوە. ئەم گروپانە ئەگەر بەبێ پشتیوانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی تورکیا نەبوایە نەدەگەیشتنە ئەم ئاستەی راگەیاندنی "سوپای نیشتمانی" کە بریتیە لە چەکدارکردنیان و دابینکردنی بەرگێکی سیاسی بۆیان، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی نفوزی ئەحمەد شەرع و هەیئەی تەحریر بەسەر باکووری رۆژئاوای سوریادا.

ئەم گروپانە کە بریتین لە حەمزات و عەمشات، میلیشیای بەناو "سولتانەکان"، نەک دواجار کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کرد لە دیمەشق، بەڵکو لە عەفرین و گرە سپی و سەرێ کانیە، درندەییەکی تەواویان بەرامبەر خەڵکی سڤیل ئەنجامدا. هەروەها بەشداریان لە کۆمەڵکوژیە تائیفیەکان لە کەناراوەکانی سوریادا کردووە، بەتایبەتی دژی عەلەویەکان کە تائێستا ئەحمەد شەرع لە بێدەنگیەکی گوماناویدایە، هەتا حکومەتەکەی نەیویستوە بەراگەیاندنێک ئەو تاوانانە ئیدانە بکات، یان داوای لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرەکانیان بکات.

دوای ئەو کارە درندانەیەو لەم هاوکێشە نارۆشن و ناجۆرەی دۆخی ئێستای سوریاو بەردەوامی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی سوریا، شەرع و حکومەتەکەی بژاردەیەکی تریان نەبوو جگە لەوەی لە ناچاریدا روو بکەنە تاکە هێزێکی دیسپلینکراوی وەک هەسەدە، کە خاوەنی پاڵپشتیەکی نێودەوڵەتیە. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوە نیە کە ئەم هێزانە خاوەنی توانای پاراستنی ئاسایشن، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە بەهرەمەندن لە پاڵپشتی نێودەوڵەتی و لەرێگەی ئەزموونی سیاسی خۆیانەوە، نوێنەرایەتی جۆرێک لە دەسەڵاتی دیموکراسی نیشان ئەدەن کە لەئێستادا زلهێزەکان پشتیوانیان لێدەکەن.

تێوەگلانی هەسەدە لەم پەیوەندیە و تێکەڵکردنی لە بەشداریکردن و بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسی و ئەمنی، بۆ حکومەتی شەرع ئەو سودەی دەبێت کە رووخسارێکی دیموکراسی بەخۆی ببەخشێت! تا بەمشێوەیە تۆمەتی لایەنگری یان هاوکاری لەگەڵ گروپە توندرەوەکان لەخۆی دوربخاتەوە و وەک بەرپرسێکی جددی دەربکەوێت کە دەیەوێت سوریا دامەزراو بکات، هەر بەمشێوەیەش رێگری لە دابەشبوونی سوریا بکات!؟.

بەلام ئەو سوریایەی کە لە هەموو لایەکەوە خوێنی لێدەرژێت، لە رێگەی دەخالەتکردنی وولاتانی زلهێزی دنیا و وولاتانی ناوچەکەوە، بە پرۆژەکانی ئیسلامی سیاسی و ململانێ و ناکۆکیەکانیان، رژاندنی ئەو خوێنە نەک ناگیرسێنێتەوە، بگرە خاکی سوریا سورتر دەکات، کاتێ حکومەتێکی ئینتقالی، پارێزەرو بارمتەی میلیشیاکان بێت، هەڵبەتە گومانی تیانیە کە ئەمە نائارامی زیاتر پێکدەهێنێت و مەترسیدارتریش دەبێت.

گومانی تیانیه که سوریا به پرۆژەیەکی تۆکمەی دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، دەتوانێ ئارام بێتەوەو ڕزگاری بێت، بەومەرجەی که بەدوربێت له هەر کاریگەریەکی ئیسلامی و تائیفی و نەتەوەپەرستی، هیچ وولاتێک لەسەر وێرانەی مەزهەبەکان و ئایدۆلۆژیای کۆنەپەرستی و دژی ئینسانی ناتوانێ به سەقامگیری و دوور له گێژاوی سیاسی دامەزرێت.

ئایندەیەکی گەش بۆ سوریا نابێت ئەگەر لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون حکومەت ڕانەگەیەنن، نەک تەنها لەسەر کاغەز، بەڵکو لەسەر زەوی، له دەق، له دەسەڵات و له سیمبولەکاندا، زەمانەتی ئەمەش دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لەدەسەڵاتی سیاسیدا، نەک دانوسان و گفتوگۆو ڕێکەوتنی نێوان ئەو هێزانەی له سەروو ئیرادەو خواستی خەڵکەوەن، ئەوجۆرە ڕێکەوتن و ئاشتیانه له هەر توندپێچ و ئالوگۆڕێک له هاوسەنگی هێزەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیه وێرانکاری زیاتر بەدوای خۆیدابهێنێت.

ئەوکاتە سوریا دەتوانێت له تونێلی ئاژاوە دەربچێت که ئەو گروپانەی بەناوی مەزهەبەوە دەکوژن و بەردەوامن له سەربرینی بەرامبەرەکانیان، دەبێت دەستیان ببەسترێت و بەریان پێبگیرێت و وەک تاوانبار دادگایی بکرێن، دەنا سوریا لەنێوان هەرەشەی ستەمکاری و پیرۆزیەکاندا وێراندەبێت و لەنێوان ترسی تیرۆر و وەسوەسەی هەژموونیدا دەمێنێتەوە! بەمجۆرەش پرۆژەی شارستانیەت و ئاشتی له سوریا دەبێتە وەهمێکی سادە، به خوڵەمێشی دەبێت و خوێنی بێتاوانەکان پەرش و بڵاو دەبێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت پێویستە بڵێین لەنێو ئەم جەنجاڵی و وێرانکاریەدا که زۆربەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا لەئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دارماون، ئەوە هەسەدەیە که وەک هێزێک و ئەزموونێک لەدەسەڵات، له چەند ساڵی ڕابردوودا سەلماندی که تاکە پرۆژەی سیاسیە هاوسەنگی خۆی پاراستووە و مۆدێلێکی سەقامگیری بۆ حوکمڕانی و ئیدارەی خۆجێیی دابینکردووە، که پرۆژەی ئیدارەی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە، لەم دۆخەشدا تا ئێستا توانیویەتی له بەرامبەر دڕندەکاندا خۆی ڕاگرێت.!

ڕێککەوتنی نێوان مەزلوم عەبدی و ئەحمەد شەرع، بەوشێوەیەی که دەستوور نەبۆتە بەڵگەنامەیەکی نێوان هەردوولایان، دۆخەکە به هەڵواسراوی و ئایندەکی نارۆشن بۆ سوریا دەهێڵێتەوەو ڕادەگرێت، دەچێتە ئەو ئاستەی وەک ئاگربەستێک ببینرێت، لەهەمانکاتدا درێژەپێدەری پرۆسەیەکە که سوریای کردۆتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکی بێکۆتایی.

ناساندنی ئەم دەستورەی ئێستا بۆ "کۆماری عەرەبی سوریا" و به ئیسلامیکردنی سوریا تەنها دەربڕینێکی فەرمی نییە، بەڵکو سەپاندن و پیرۆزکردنی ڕێبازێکی کەمینەی ئیسلامیە بەسەر زۆرینەی دانیشتوانی سووریادا.

ئەوەی ئەمڕۆ لەرێگەی دەسەڵاتی شەرع و دەخالەتی تورکیاوە دەگوزەرێت، تەنها گۆڕانکاریەکی سیاسی نییە، بەڵکو توانەوەی زۆرەملێی گەلی سوریایه بۆ قاڵبێکی نوێی پاوانخوازی مەترسیدار، که دڕندەتر دەردەکەوێت له هەموو شتێک که پێشتر هاتبێت. بۆیە پرسیارێک که پێویستە بکرێت تەنیا ئەوە نییه که "حوکمڕانی داهاتووی سووریا چۆن دەبێت؟" ئاخۆ چەند کارەسات و چەند جەستە و دەروونی تر وێراندەکرێت پێشئەوەی ئەم پاوانخوازیە بوەستێت؟.

له دوای ڕووخانی ڕژێمی سوریا، ئەحمەد شەرع، خۆی له دۆخێکی بێوێنەدا بینیەوە، لەناکاو بوو به حاکمی دیفاکتۆی وڵاتێک، بەرپرسیارێتی بنیاتنانی دەوڵەتێکی لەنێوان ئاڵۆزیە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی له ئەستۆ گرت. بەڵام شەرع که لەناو سنگی ئایدۆلۆژیای جیهادێکی توندڕەودا گەورە بووە، ئەمڕۆ خۆی دەبینێتەوە لەنێوان چەقۆی میراتی توندڕەویەکەی و پەیوەندی ئایدیۆلۆژی خۆی به قاعیدە و سەنگەری واقیعێکی نوێ له سوریادا، که هەوڵدەدات وەها نیشان بدات خەریکە ببێتە دەوڵەتێکی "فرەیی، مەدەنی، دیموکراسی"!

شەرع هەوڵ دەدات وەک سەرکردەیەکی سیاسی لەدوای ڕووخانی ئەسەد له بەڕێوەبردنی سوریا خۆی نیشان بدات، به تێگەیشتنی ئەوەی جیهان دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕادیکاڵ لەدڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵ ناکات. بەم شێوەیە دەستی کرد به سەوداوامامەڵەی وێنەیەکی جیاواز له خۆی، وێنەیەک که دوورە له ڕابردووی جیهادی خۆی، هەوڵ ئەدات هەم ئامادەبوانی ناوخۆیی و هەم بینەرانی نێودەوڵەتی قەناعەت پێبکات که دەوڵەتێکی فرەیی و مەدەنی بنیات بنێت که ڕێز له مافەکان و یاسا بگرێت، ئەمەش له سەردانە بەردەوامەکانی وەزیری دەرەوە بۆ چەندین وڵاتی عەرەبی و وولاتانی تر، بۆ دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵگە عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان، بەڵام له هەمانکاتدا شەرع ناتوانێت به ئاسانی خۆی له ڕەگ و ڕیشەی فیکریی خۆی جیابکاتەوە، لەو ژینگە جیهادیەی که بۆ ماوەی ده ساڵێکی تەواو له باوەشیدا بووەو نەوەیەکی دڕندەی تیا پێگەیاندووە.

شەرع ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە، لەلایەکەوە توێژە بەرفراوانەکانی دانیشتوانی سوریا که زۆر ماندوو بوون، داوای دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی و ئازادیخوازی دەکەن که ستەمی ئایینی ڕەت دەکەنەوە، له لایەکی دیکەوە شەرع پشت به هاوپەیمانێتیه نێوخۆیەکانی جیهادیەکان و سەرکردە سەربازیە توندڕەوەکان دەبەستێت، که هەر جۆرە کرانەوەیەک بەرووی ئازادی و دیموکراسیدا وەک هەرەشەیەک بۆ سەر پرۆژە ئیسلامیەکەی خۆیان دەزانن.

لەسەر ئاستی ناوچەیی، یادەوەری ئازاربەخشی ئەزموونەکانی دەسەڵاتی توندڕەوی ئیسلامی له ئەفغانستان، ئێران، یان نمونەی داعش و شەڕی تائفی له عێراق دێنەوە یاد، که به ئاسانی

مۆدێلێکی هاوشێوە لەم حوکمرانیانە لە سوریا قەبوڵ ناکرێت.

ئێستا، لە بواری پەروەردەدا، زانکۆ و قوتابخانەکان دەستیان کردووە بە گرتنەبەری شێواز و ئامرازی توندی ئایینی، هەروەها داوا دەکەن ژنان جلوبەرگی ئیسلامی لەبەر بکەن و لە شوێنە گشتیەکاندا پیاوان لە ژنان جیابکەنەوە.

لەکایەی گشتیدا، شارەکانی سوریا کە لەلایەن هەیئەی تەحریر شامەوە کۆنترۆڵکراون، ڕێساکانی جلوبەرگی گشتی توندترکراونەتەوە، سنووردارکردن بۆ بۆنە کەلتووری و هونەریەکان دانراون و فەزای گشتی بۆ داکۆکیکردن لە ئایین داریکراوە. ئێستا بازنەی بانگەوازی ئیسلامی و وتاری ئیسلامی لە گۆڕەپان و شەقامە گشتیەکاندا بڵاوبووەتەوە، کەشێکی گشتی دروست دەکات کە وا لە هاوڵاتیان دەکات هەست بکەن کە دەوڵەت گۆڕاوە بۆ قەوارەیەکی ئایینی، ئەو سیاسەتانەی هەیئەی تەحریری شام پەیڕەوی لێدەکەن، ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکە بەرەو گۆڕینی سوریا بۆ دەوڵەتێکی ئاینی توندڕەو نەک دەوڵەتێکی مەدەنی!

ئەم دووفاقیە لە واقعیەتی دەسەلاتی شەرعدا، دەیخاتە دۆخێکی سەختەوە، چونکە خۆی دەبینێتەوە لەنێوان بەرداشێکدا کە لە شوێنێکی سەختدا گیری خواردووە. ئەگەر هەوڵی ئیمتیازاتی ڕاستەقینە بدات بەرامبەر بە مۆدێلی دەوڵەتی مەدەنی، ئەوا ڕووبەڕووی یاخیبوونی ناوخۆیی دەبێتەوە لەلایەن کەسانی توندڕەوی ناو ڕێکخراوەکەیەوە، کە ئەمە وەک خیانەتێک لە پرۆژەی جیهادیدا حسابی لەسەر دەکرێت، ئەگەر بەردەوام بێت لە پەیڕەوکردنی دیدگای توندڕەوی ئیسلامیەکەی، ڕووبەڕووی دابڕانی نێودەوڵەتی و ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی دەبێتەوە بۆ ڕێگرتن لە بونی سوریا بە دەوڵەتێکی ئایینی سەلەفی توندڕەو.

★

# مەنسوری حیکمەت :

## سەبارەت بە سیکولاریزم!



سیکولاریزم دەبی هەر بەوشیوەیە پیناسەبکەین کە باوە. ناکرێت رادیکالیزمێکی زور بچەسپێنین بەم چەمکەوە. سیکولاریزم واتە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن. جیاکردنەوەی دین لە ناسنامەی هاوڵاتی و پێناسەکردنی ماف و دەسەڵات و ئەرکەکانی هاووڵاتیان. کردنی دین بە مەسەلەی تایبەتی تاکەکان. ئەوکاتەی کە ئیتر دینی تاکەکان لە پێناسەکردنی تایبەتمەندییە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ئەوان و لە پەیوەندی نێیوان تاک و دەوڵەت و بیرۆکراسیدا حیسابی بۆ نەکرێت. بەمجورە سیکولاریزم کۆمەڵێک هەلومەرجی لانی کەمە. بۆنمونە من ناتوانم هەموو هەڵوێستگیریی خۆم بەرامبەر بە جێگاوریگای دین لەنێو کۆمەلگادا، لەچوارچێوەی ئەم جەمکەدا جێبەکەمەوە. من تەنها خوازیاری سیکولاریزم نیم، بەڵکو خوازیاری خەباتی هوشیارانەی کۆمەڵگام لەگەڵ دیندا. خوازیاری ئەوەم کە چۆن بەشێک لە داهاتی کۆمەڵگا بۆ بەرگرتن بە مەلاریاو نەخۆشییە درمەکان خەرج ئەکرێت، هەرچۆن لەدژی ستەمکێشی ژنان، نەژادپەرستی، ئازاردانی منالان هوشیارانە سیاسەت دائەرێژرێت، بەهەمانشێوە وزەو توانایەک لە کۆمەڵگادا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دین تەرخانبکرێت. هەڵبەتە مەبەستم لە دین، دامەزراوەی دینی و دینە پێناسەکراوەکانە، نەک ئەندێشەی دینی و تەنانەت بڕوابوون بە دینە کۆنەکان و ئەوانەی ئێستا. من کەسێکی دژی دینم و خوازیاری ئەوەم کە کۆمەڵگا سنوورێکی زۆر زیاتر لەوەی کە لە سیستمێکی سیکولاردا هەیە، بۆ دینی خۆرێکخستوو و "پیشەسازیی دینی" دابنێت. ئەگەر یاسا دینەکان ناچاربکات کە خۆیان وەک کۆمپانیا قازانجهێنەرەکان و دامەزراوە ئەهلیەکان ناونووس بکەن، باج بدەن، لەژێر پشکنیندا بن، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی هەڵاواردنی جنسی، مافەکانی منالان، قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی درۆ، قەدەغەکردنی تۆمەت و وروژاندن، یاساکانی پاراستنی گیانداران و ...تاد رەچاو بکەن، ئەگەر وەک "پیشەسازیی جگەرە" مامەڵە لەگەڵ "پیشەسازیی دین"دا بکرێت، تەنها ئەوکاتە ئیمە لە هەڵوێستێکی مەبدەئی لەبەرامبەر مەودای خۆنواندنی دین لەکۆمەڵگادا نزیک دەبینەوە.

**تێبینی: ئەم پارچە نوسینە لە گفتوگۆیەکی هاوڕێ مەنسور حیکمەت وەرگیراوە کە لەگەڵ گۆڤاری (پرسش) بە زمانی فارسی لە زستانی ساڵی ۲۰۰۱دا ئەنجامیداوە.**